# ترافـــــــــــيـــه

هۆنراوه



پۆلا سەعید

# پێرست

1ـ بێسانەوە ...........................5
2ـ سەمای ژوان .......................16
3ـ پێشانگا ............................20
4ـ کولێن کو ..........................17
5ـ باوێزە .............................. 18
6ـ چاندن ..............................20
7ـ ترافیە ...............................21
8ـ لە دایکبوون ........................22
9ـ زۆرن ئەوانەی بە شێتم ئەزانن ... 23
10ـ یاخی بوون .........................24
11ـ شەمی شار ..........................27
12ـ مانەوە ...............................28
13ـ سووتان .............................29
14ـ پرسەی پۆست .......................30
15ـ میوان ................................31
16ـ دەرگاکەتم لێبکەوە ..................32
17ـ حەزی وەریوو .......................33
18ـ نیگا ....................................34
19ـ دیدار ..................................34
20ـ سەفەری مەرگ ......................35
21ـ جێهێشتن ..............................37
22ـ وەرەخەونم ..........................38
23ـ سرووت ...............................39
24ـ لە ماتەم دا ...........................40
25ـ یادتان دەرزیی ئاژنی خەمم ئەکا ...41
26ـ بیرم ناچێتەوە .......................42

27. سەماک .............................42
28. من لە ڕۆحتا ئەژیم .................44
29. بوور ..................................46
30. پێروو ................................46
31. سیوا ................................47
32. بزەی سەر ڕێ .......................48
34. ئالوزی بینایی .......................49
34. بێ ئەنوا ...............................50
35. کاروان ...............................51
36. سەمای مەرگ .......................52
37. ئێوەژانن ............................53
38. خەو زڕان ...........................54

## پێشەکیی:

خوێنەری بەڕێز و خۆشەویست ئەم بەرهەمەی ئێستا لە بەردەستاندایە بۆ خوێندنەوە، دووبارەکردنەوەی چاپی بەرهەمی ترافیەیە. دیارە خۆی لە خۆیدا چاوپیاخشاندنێکی بەرهەمەکەیە بۆ چاککردنەوەی چەندیین هەڵەی چاپ و ڕێزمان. ئەم بەرهەمە ساڵی دوو هەزار و یەک لە کوردستان دا لە شاری سلێمانیی بە چاپ گەیەندراوە مەخابن بە بێ گرنگیی پێدانێکی هونەریی و تەکنیکیی لە بەرهەمهێنان دا. هەمانکات لە زۆرینەی هۆنراوەکاندا کلک و باڵی هۆنراوەکان کراوە. یان دەستکاریی هەندێ هۆنراوە کراوە و کراوە بە دوو هۆنراوە یان ئەوەتا هەندێ وشە و ڕستەی نامۆ تێکەڵی هۆنراوەکان بووە. مەخابن کە من لاپەڕە ڕەسەنەکانی هۆنراوەکانم لا دەست ناکەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرهەمەکانی خۆم دەناسمەوە. یەک دوو هاوڕێی دڵسۆزیشم کە چەند هۆنراوەیەکی کۆنی منیان لابوو بەتایبەت هۆنراوەی بێسانەوە کە لە پەڕتووکەکەدا زۆر کلک و گوێی کراوە لێرەدا جارێکی تر دەیخەمەوە بەردەمی خوێنەر. تێکڕای ئەم کارەساتەش کە بەسەر ئەم هۆنراوانەدا هاتوون دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی کە خۆم سەرپەرشتکارییم لە بە چاپگەیاندنی بەرهەمەکە دا نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەڕێزەی کە ئەم کارەی پێسپێردرابوو بە پێی پێویست

به تەنگ بابەتەکەوە نەچووە، دیارە ئەو پارەیەی کە بەدەستی گەیشتووە هەرهێندەی تێدابووە بۆ ئەو. خۆ مەخابن ئێستا بازرگانیی بە هەواشەوە دەکرێت لە کوردستان دا. بە هیوام لەم ڕێگەیەوە بتوانم داوای لێبووردن لە تێکڕای ئەو خوێنەرە خۆشەویستانە بکەم، کە بەرهەمی ترافیەیان کەوتۆتە بەردەست و تووشی تەنگوچەڵەمەی هەڵەی ڕێزمان و چاپ بوون. ئەم بەرهەمانەی کە لەبەر دەستیشتاندایە یەکەمین کۆمەڵە هۆنراوەی منە کە کەوتۆتە بەردەستی خوێنەر و بە چاپگەیەندراوە. ئەمەش بڕێکە لەو بەرهەمانەی کە لە نێوانی ساڵەکانی 1994 وە هەتا 1999 نووسراوە. ئەزمونێکە لە مێژووی هونەری هۆنراوەیی خۆم، چ وەک ناوەڕۆک چ وەک بەستنەوەی چەمکی هاوئاهەنگیی هۆنراوەییی تەقەللایەکی نوێی ئەو ڕێگایەیە کە لە نووسینی هۆنراوە دا خۆمم تێدا دۆزیوەتەوە. لە ڕووی فۆڕم و دابەشکردنی هاوئاهەنگییەوە زۆرینەیان دەبەسترێنەوە بە بڕگەی چوارییەوە. من وەک خۆم هەرگیز لە چەمکی هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی بەرهەمەکان نادەم. ئەو ئەرکە دەخەمە سەر شانی خوێنەر و هونەر دۆستان و ڕەخنەگران. بە هیوام بە ویژدانەوە مامەڵە لەگەڵ بەرهەمەکاندا بکەن.

پۆلا سەعید
01.05.04
ئەڵمانیا

لەسەر تۆم دوژمنە دنیا قضیەم مانع الجمعە
کە تەرکی تۆ نەکەم تەرکی هەموو دنیا نەکەم، چ بکەم؟

"مەحوی"

# بێسانەوە*

## بۆ کەرکووک

ئەمە تەنها سەر لێشێوانی
قوڵنگی بێ ئەنوا و
سەفەری درەختی پڕوپۆ شکاو نییە
کەوا ئەم شەتڵی ئینجانەی سەرم
وەک باویلکە ئەدا بەدەم
بارشتی دەیان شەوی یەڵدامەوە،
ئەمە باگڤەی خەمێکی درێژە
لە دەربەندی ئەم دڵەم دا
گیریەتی و
فیکە بە ئاهم لێ ئەدا و
گوڵەپڕوزەی گیانم ئەدا بە دەم
خەمی دووریيتانەوە،
وەرە لە ئازارێکما سەرخەوێک بشکێنە
مانگی گیراو
باخی سووتاو
حەزی وەریوو
دێنە خەونت،
دەسا من چیبکەم
تا چەپکێ خۆر بێنمە کوخی شیعرمەوە؟
من چیبکەم؟
شپرزەییم چۆن ڕابژەنم؟
تا سرەوتێ بێنمە نێو ئەم هەوری
نامۆیيیەمەوە،

*

لە سەمای ئەم ڕەوە دا
چاوم هەر لە سیمای خەمی
دوا دیدەنیی ماڵئاوایيیە،
لە باوێزەی* ئەم ڕەوە دا
دڵم هەر لای تەرزەماچی
بە دزێوەی ئەوینەکەی بیناییيیە

له وڵاتێکی کەوا زەردی
بازرەبوون دا*
له وڵاتێکی خۆزگەی دیدەنێکی پرچی خۆر و
کزە تەزیووی وەک دڵێکی
نامۆ و ئاوارە دا،
ڕۆژگار هەر ساتەی دەنکێکی
له تاوە تەرزەی خەم
دەکردە نقێم بۆ ملوانکەی
گەردنی شیعرەکانم،
لەم گەلەدرەوی هەمووانە دا
هەرچی خەونی سەوز و سووری
باخەڵی خاک بوو
هێدی هێدی ڕەنگیان
له دیدەما کاڵبوونەوە
ژوان و شیعر و شانۆ و
دایک و خۆشەویستییم
وەک خۆری ئێوارانێ
چوونە دەرگای ئاوا بوون و
ئەو دیوو کیشوەری
ئاوارەیی و غوربەتمەوە،
ئەم سەفەرە بۆتە پلە پەیژەی ئاوابوونی
خۆری تەمەن و
لاوێتییم هەنگاو هەنگاو
هەموو ڕۆژێ بەرەو سەر
مل ئەنێ و
ڕۆژانە هەر جارەی تاڵێ
له قژی قەترانما ئەکاتە بەفری قەد لووتکە و
خۆر ئەکاتە شانەی قژی
ماش و برنجییم و
بە شنەی غوربەت درەختی
باڵام ئەژەنێ و
ئەمدا بە دەم پاپووسکەی* ئەم ڕەوەوە،

*

دەبڵێین خەڵکە بڵێن:
ئەوەی کوردی کردە گەمەی سەر زاری
وڵاتان کێ بوو؟
ئەوەی هەزاران هەرزەی کردە خۆراکی غوربەت و
بێ ڕەگەز نامە و
بێ چارەنووسی کردن
ژەهری زاری ئەژدەهاکەی بەغداد
یان دڵ پیسیی گەورە پیاوانی
کورد خۆی بوو؟!
بە دوانزدە و سیانزدە ساڵانی وڵاتەکەم بڵێن:
سبەی ئەوان ڕێی چ وڵاتێکی تری
نامۆ ئەگرنە بەر
ئازاری بە سوێی چ نەتەوە و چ زمانێکی تر
لە قوژبنێکی کز و مەلوول دا
بە پێکی نامۆیی هەڵئەدەن؟
ڕەهێڵەیە، ڕەهێڵەیە، ڕەهێڵەیە
ئەم بارانی خەم و ژانە
لە چاوم نابڕن
ئەم کزەی نەگبەتی و بێکەسیی‌یەی کورد
عیلەتێکە و سارێژ نابن،
زمانم لە وشەی خۆی ئەکەن و
تورکیی و عەرەبیی و فارسیی
ئەکەن بە زمانی حاڵم،
پێنووسم لە پیتی خۆیدا ئەشکێنن و
سەید و ئاغا و ئابێ ئەکەنە
سەرەتای لێکدوانم،
ئەم نیشتیمانی عەرەبیی و
شۆڕشی چواردەی تەمموز ئەکاتە
وانەی ڕۆژانەم
ئەو مێژووی ئێران و

ئەوی تریان مستەفا کەمال ئەتاتوورک
ئەکاتە سروودی
مایەی ژیین و و ئیمانم،
ئەم کەللەم
لەگەڵ خۆڵی ماڵەکەم و
پشیلەکەی دەرکی خۆمان
تێکەڵ بە یەک ئەکا
ئەویان خوشک و دایک و باوک و برام
بە خۆراکی زیندان ئەکا،
ئەوی تریان
لە سنور دا تیرۆریستیان لێ ناو ناوم
لاشەم لەژێر پێی ژەندرمە و
تانک و زرێپۆشەکانی دا ونجڕونجڕ ئەکا،
کوردستان کوردستان
تاجی سەرمان
مایەی شانازیی و
چرای شەوی ئێمەی نامۆی
بە ئازار و ژان
تۆی گلێنە و تۆی کەعبە و تۆی ئایینمان،

*

هەموو شەوێ
لە دەربەندی دونیای ون بوونمەوە
داستانی خەمێکی زەرد دێ
چیرۆکی هاوێرێکی* خۆییم
بۆ ئەگێڕێتەوە
کۆرپێ دێت و
دوو هۆنراوەی سەوزی زاری
وڵاتم بۆ ئەخوێنێتەوە
هەموو شەوێ
پەپوولەی ئەم دڵە کزەم
لە باڵەفڕەی تەنگاویدا

ماخۆلانیەتی
هێندە نابات ئەگاتە
دەمی گوڵی خەونێ
ئەوسا ئیدی پەل و پۆی
لە خەونی گوڵە قەیفەیەک دا
ئەپروکێ و
چاوی عەزرەتیی بێ بەهاری
خۆی لێک ئەنێ،
خەوتنی من زۆر جیاوازە
شەوانی من بێ ئارامن
شەوان درەنگ
تا دەست نەکەمە قوڵایی دڵمەوە
گۆمی ڕۆژانەی تێک نەدەم
ئەم دەریا هەڵچووەی دڵم
سرەوتی نییە و
بە گژ خێوی ئەنگوستەچاو دا ئەچێ
کاتێکی کورت پێش گزنگ
پاش ئەوەی شەلاڵی نامۆییم ئەبم
خەوێکی کورت
هێندەی درێژیی پەنجەکانم
دێتە چاوم،

*

من ئەمەوێ
لەگەڵ کزەی سارد و زەردی
ئەم وەرزە پڕ خەمەی
من و گەردوون دا
چی زەنگیانەی ئەوینی
تەمەنی چاوەڕوانیی و نائومێدییە
لە گەردنی ئەم پاییزە دا
بیهۆنمەوە،
من ئەمەوێ

هەرچی وشەی حەزی ڕەنجاومە
بیخەمە باخەڵی گەرمی
غوربەت و
خۆشەویستییم وەرگرمەوە،
جارێکی دی دێمەوە
نێو سەمای ئەم بێ لانەوازییە
من جارێک دەست
بە پرچی درێژی خەمما ئەهێنم
لەم لایشمەوە
خەوزڕانی منداڵێکی ئاوارەی کورد
سەر ئەنێ بە سەرمەوە و
هەردووک بە جووت
گینگڵی غوربەت ئەدەین
هێندە نابات
من هەر وەک جاران
بەو ئاهەوە
خەوێکی قورس ئەمباتەوە،

*

من نازانم
بۆچی؟
هەموو دەم ئێوارانێ
کە ملی ڕێگایماڵەوە ئەگرمە بەر
لە سەرسنگم
لە لای چەپی سەرسنگم
ئازارێکی توندی لێ دێ
وەک ئەوەی کەسێک
کەسێ کە من نەیبینم
بە هەموو هێز چەقۆیەک
ئەچەقێنێتە سەر دڵم،
هەموو دەم ئێوارانێ
هەر ئەو کاتەی دەرگای ماڵە تەنیا و

غوربەتییەکەم
ئەکەمەوە
قوژبنێکی ژووری نووستنەکەم
بانگم ئەکا و
منیش کڕ کڕ و مات
بۆ لای ئەچم
تەخت لەسەر دەم
لێی ڕائەکشێم
ئەو توونت زۆر توونت
ئەمگووشێ بەخۆیەوە و
جار جارێکیش گوێچکەی سەرینەکەم
دڵۆپێ فرمێسکی کزە ساردم
بۆ ئەسڕێ،
وا دێوەزمەی ئەم بێسانەوەیە
لە شایی ئەم ڕەوە دا
شاباشی غوربەتم ئەکا
من هەر خۆم و گریانێکی درێژ
خۆم و نۆتەکانی فانگلیز
خۆم و هاوارێک پڕ بە گوێی کەڕی دونیا
خۆم و ڕووخسارێکی دڵ پڕ
وەک کزەیەکی تەزیووی پاییز،
درێژە شەوانی نامۆییم
لە چاوەڕوانیی ئارامیی ئەم
پەڕەسێلکەی دڵەم
زۆر درێژتر
بە ئێشە سکاڵای تەمەنی تەنیاییی و بەختم
لە یادی جێهێشتنی
وڵاتەکەم کوردەواریی
زۆر بەسوێتر،

*

سەرم ناوەتە نێو

ئەم کەشتیی خەیاڵی بەر بۆرانی
پۆستی ئێوارەیەم
ڕەیاخی کزەم
شلّپ و هورِ بای ئێشێ
ئەیهاژوژێ و
ملی ڕێگام لێ تێک ئەدا
جارێک بە چەپ دا و
جارێکیش بەڕاست
ئەمبا و ئەمهێنێ،
ئێستا لەم گێژەنگە دا و نوزەی دایک
نەورەسێکی ماندووی باڵ شۆڕە
بە سەرمەوە
ئەیەوێت لە تەکمەوە بنیشێ و
بچێتە نێو دونیای خەیاڵمەوە
ئەیەوێت ببێتە عەساکەی موسا و
لەم گێژاوە دەرم بهێنێ
ئەیەوێت ببێتە جادوگەر و
لە چاوتروکانێک دا بمفڕێنێ و
بمباتەوە نێو کوخەکەی خۆی
بمنێتە نێو چوارچێوەی
ژییانێکی ڕۆژانەیەوە،
خۆزگەیەتی داوای چایەکی دەستی بکەم
عەزرەتیی‌یە لە دەرکی میحرابی دا
چیچکەی کردووە
تا بەر لە کۆچی هەر هیچ نەبێت
تەنها جارێ هەر وەک جاران
بە ناوی خۆیەوە
یان بە دایە بانگی بکەمەوە،
خۆزگەیەتی
هەر ئێستاکە ببێتە عەساکەی موسا و
تا لێرەوە هەڵمگرێ
لە کوخەکەی خۆیا ڕامگرێ،

خۆزگەیەتی ئەو دایکەی من
من ئەزانم
ئەوەتا لێرەوە گوێم لە هانا و نوزەیەتی
من ئەزانم
خۆزگەیەتی ئەو دایکەی من،
ئەوەتا منیش لێرەوە
پەپوولەی گیانم ئەفڕێ و
ئەچێتەوە بەر دەرکی حەوشەکەی
خۆمان و ئامێزی بۆ ئەگرمەوە
پێی ئەڵێم:
ئەی ئەزییزی ئەم دڵەی من
ئەم دەریا پان و بەرییینەی نێوانمان
نە گووناهی منە نە هی تۆ و
نە چارەنووسی کولەمەرگیی و ژیانە
ئەم هاوێرەش دڵنییابە لە ئیمڕۆ بەدواوە
چارەنووسی هەمووانە،
من پێمخۆشە بەر لەوەی چایەکی دی
دەستت بخۆمەوە
بیچین دیدەنییەکی پەرلەمانە کوردییەکەی
خۆمان بکەین
پێمخۆشە بچین پێکرا هاودەم بڵێین:
هۆ نەوانی کەیقوباد و کوڕانی شادیی
دادوەرانی دادگاکەی تووس و
ئاشقانی پەرستگار و
خۆشەویستانی ئاهورامەزدا
لە دوای بێوەژن بوونی دایکمان
کامتان ئەلف و بێکەی باوکمانتان
بۆ ئێمەی ورد نووسییەوە؟
کامتان پەنجەرەتان هەموو دەم گزنگێ
لە خۆری ئاشتییمان کردەوە؟
کامتان سروشی پیرۆزی باوکتان
لە ئاگردانی شەوێکی پاوە دا فڕاند

تا نەسووتێ سەروەرییمان؟
کامتان کراسی دڕاوی مێژوومانتان
لە نووکی شمشێری عەرەبیی کردەوە؟
کێتان دەرگای شکاوی
پەرستگایەکی هەڵساندەوە؟
کامتان کوانوویەکی تازەی تیا کردەوە؟
کێتان بیری لە تۆڵەی خوێنی باوکی و
کامتان بیری لە تنۆکی تکانی
ئابڕووی دایکی کردەوە؟
کە دایکمان باڵ بەستراو
لە نێو لنگی ڕەش پێستێکا
پەلەقاژەی کرد و ڕووی کردەوە شاخ
خۆتان نەبوون باڵ بەستتان کرد و
بەر بووکییتان بۆ کردەوە!
تا لە میحرابی ڕەش پێستێکی دیکەی تر دا
بۆ هەتا هەتایی ئابڕووی چۆوە،
ئێوە نەبوون ڕەنگتان گۆڕیم؟
ئێوە نەبوون مێژووتان دۆڕاندم؟
ئێوە نەبوون زمانتان شێوانم؟
چەندین بەهمەن و سارا و دخۆتان
لێکردمەوە و
عەلی و عومەر و موحەممەدتان پێوە نووساندم؟!
مێژوومان خۆتان نەتان سڕییەوە
میرانی بۆتانتان نەخستە زبڵخانەی
مێژووە و
خالیدی کوڕی وەلیدتان
کردە شاسواری ماڵم؟!
بۆ بەژنی خالید
لە هی قوبادم ڕێکترە؟
بۆ شمشێری خالید لە هی دیاکۆم
تیژترە؟
ئابڕووی دایکمتان بۆ برد؟

ئەوە ئەمێستاش ڕا
خوێن لە بەرداوێنی کچێکم ئەتکێ و
تنۆک تنۆک تا دەگاتە نووکی
پەنجەکانی پێی و
ئەوسا ورد و هێمن لێوی دایکی
ماچ دەکا
زریکەیەک بە قەد پڕاو پڕی ئەم دونیایە
هەموو گوێیەک ئەیبیستێ
تەنها ئێوە نەبێت
تەنها بەربووک کەرانی ئەم وڵاتی
مەرگ و خەمە نەبێت
پرچی خاو و زێڕینیی و سیمای شۆخ و شەنگی
کوردییتان بۆ ژاکان؟
ئەویشتان لە نێو لنگی عەرەبیی بۆ نا؟
بەربووکیتان بۆ، بۆ ئەویش کردەوە؟
بۆ ئاڵاتان لێ ڕاماڵی؟
بۆ سوارێکی "گۆتی"تان*
بۆ کەرکوکم نەکردە دیاریی؟

10.04.1998

---

# سەمای ژوان

لەگەڵ شەماڵی ئەم ئێوارە
ئەرخەوانییەمدا وەرە
ئەی دەرزیلەکەی مێوی دڵم

بێ تۆییم کردوومیه هاوڕێی مەی و
هەموو دەم ئێوارانێ
گۆشەی ئەو مەیخانەیە شوێنمە
کات بە یادتەوە بەسەر ئەبەم
منی وەک شێت گوێ پێ نادەم
لە کوێ ڕام
هێدی هێدی گۆرانیی بۆ بالآت ئەچڕم
منی مەست
بە هەستانێک نەغمەی شیریین
وەک ملوانکە لە ملت ئەکەم،
هۆ ئەزییزم:
چەپڵەڕێزانە لە دەورم
بۆ ئەم زایەلآنە
من ئەوانەش پێشکەشی چاوانت ئەکەم،
ئەزییزم
ئەزییزم
ئەگەر ئەزانیت من بێ تۆییم چەند گرانە؟
ئەگەر ئەزانیت هەموو دەم ئێوارانێ
ئەم نەورەسی دڵەم
لەگەڵ یادتا .... چەند دوور ئەفڕێ؟
تا بریسکەی لێوی خۆر تێر ماچ نەکا
کزەی ساردی سەرڕووباری سەفەرت لە خۆ نەگرێ
نادێتەوە و
سەر ناکات بە ناو کۆڕی بەستەما،
هۆ ئەزییزم:
لەم سەمای ژوانەم دا
لەناکاو وەرە
لە ئامێزم نێ و بمگووشە تووند بە خۆتەوە
پێویست ناکات تۆ هیچ مەڵێ
من ئەتوانم لە چاوانتا
دونیای ئەوینت بخوێنمەوە،
ئەزییزم:

ئەوەتا لێرەوە سەمای سروەی باڵات ئەبینم
من ئەزانم نزیکیت لێم
ترسم هەیە لە چرکەی خۆشیی دیدەنت
لێت ڕانەبڕێم
ئەی ئەستێرە بە جریوەکەی دونیای بەختم
تۆیت ئەزییز و خۆشەویستم،

سێپتەمبەری 1998

---

# کولێن کو

سەیر نییە
کە" کولێن کو" لە کەللەی
هەزار و دوو سەد سەری کوردی ئەردەڵانم
هەڵئەچنرێ،
لە سای سەری دووزمانیی سوڵتان قاسم
لە لای عەجەم
خەجاڵەت بێ
کە وەک سەری خۆیشی بە لووتکەی
قەڵای کەللەی کوردان ئەکرێ،

پووشپەڕی 1999

---

# باوێزە

زەردەخەنەی گزنگی
پاییزی دەم و لێوی
وڵاتی کەوا زەردم،
تابلۆیەکە بۆ کزەی دووریی و
هەناسەی تەزیووی نامۆ و بەختم،
بزەی ئەم پاییزە هەموو ڕۆژێ
لە کۆڵی "با"م ئەنێ و
پێکڕا ڕووی چنار و تەواوی دارستانی
شارەکەم ڕادەمووسین
پێکڕا کرمی ئاوریشم ئاسا
خۆمان بە گەڵاکانی دوا وەریندا هەڵدەواسیین،
بەیانیی‌یە و بە شمشاڵی نازی
تەزیینی گەڵا سەما دەکەم
بەیانیی‌یە و لە پەرستگای ئەم ساڵە وەختەدا
نوێژێک بۆ وەرزی تەزیین و هەڵوەڕیین ئەکەم،
دارستانی زێڕیینی ئەم وڵاتە نامۆیە
دیوانی سەدان هۆنراوەی شیینی مەرگی کوڕ و کچی
دارستان و
کۆچی قوڵنگی گەردن بەفریینی
دەم ڕووباری ئەویین و
شیینی دوورخراوەی ئێمەی دڵ پڕ لە خەمی گەڕانەوەی
ئامێزی خاکی کوردستانی تیایە،
کاتێ "با" هێمن
لە دەم ڕێی باوێزە و دەیان داری ڕووتەڵە دا
لە کۆڵ خۆیم دائەگرێ

کاتێک ئەویین گەزێک گەڵا
بە بەژنی شکست و ماندوو ئەپێوێ،
لە مسقاڵی دەست و پەنجەی ناسکیان
تاجەزێڕینەی حەزێکی کۆن ئەچنمەوە
لە بەرپێڵوی چاوە ماندووەکانیان دا
دڵۆپێ ئەشکی نامۆیی ئەخۆمەوە،
ئای چ دونیایەکی دییە، مەلەی نێو گەڵای زێڕینی سەرڕێ
چ جیهانێکە پڕ پەروانە و گوڵ
ئەو کاتەی لە دەلاقەی شارەوە
خۆری ئەوینێکی هەمیشەیی هەڵدێ،
کە دێمەوە دەرکیماڵم
بەیانیی‌یەکە ئاڵ
وەک گەردنی قوڵنگی خاکم
ئۆقرە ناگرم هێمن، ناسک ماچی گەردنی قومری
گەردن بە خاڵی کچی دونیای حەزم ئەکەم،
بەیانیی‌یەکە ڕوون وەک چاوی کانیی‌یەکی وڵاتم
بەیانیی‌یەکە و تاجەگوڵینەی حەزێکی بێ کۆتا
ئەکەمە سەری کچی کوڕژن بە خەندەی ئێستا و داهاتم،

ئۆکتۆبەری 1998

---

# پێشانگا

هەرچی وشەی سەرپەڕەی
بیرەوەریی نێو دڵتە من ئەیبینم
چارەنووس تێیدا بۆتە پێشانگا

بەرهەمێکی پێشانگاکە سەنگە
تایەک دینار و
تاکەی تر تۆی تێدا ئەبینم
لە نێوەندا تابلۆیەکی کۆمۆنیست و
وەک درەختێکی ڕووتەنی
سەرما بردووی پاییزەش
لە سووچێکی پێشانگاکەدا
خۆم ئەبینم،

20.02.1994

---

# چاندن

دەستم برد بۆ نەمامێ
دوور لە چاوگەخۆی تەنیا بوو
هەڵمکێشا
لە بناردا ناشتم
پەنجەکانم بە پەرژین و دڵم بۆ کردە ڕووبار
ساڵ هات و ڕۆی کە بوو بەدار
غەریبێک هات
لە سێبەریا
تەخت ڕاکشا،

06.02.94

---

# ترافیه

تەنیاییم
باڵای کێوێکی بە تەمەنە کەڵەگەت
دڵی نامۆ و
سیمای خەزانی
مەلی ئەوییینداری هیچ کەنارێ
کەویی ناکا،
قولنگی گەردن بە خاڵی
ئەم گەرووی بەفرە و
گولنکەکانی گەردنی ڤینۆسیش
نەیانتوانی
گرێ کوێرەی بزەی حەزی بکەنەوە،
ئەی وڵاتی گڕ و خوێنم
ئاخۆ کەشتیی شکاوی
ئەم دڵە چەندیین ساڵ نامۆ و تەنیایە
کەی بە کەناری
دونیای دووربیت ئەگاتەوە؟
بە سوێیە سەفەر بەناو هەزاران شەوی دەیجور و
نووسینەوەی خەمی دووریی
بە تاڵی سپیی لە قژی قەترانما
چ وەجاخێکی بە ئێشە
تەمەن لێرە بە شیشی خەم ئەمبرژێنێ
چ چرەدووکەڵێک و
چ بۆنسۆیەکی لاشەم دێ
لەم تەنگەبەرییەی ساواقی شەوما،
پڕ لە ژانی دوور لە ئێوە و
خەمی زەردی وڵات ڕۆییمە ماڵی چۆڵم

پڕ لە دەنگی لانەواز و
زایەڵەی تەمەنکێی بە فیڕۆ چوومە
ماڵی ساردم،
هەرچی هەیە
دەرگا و دیوار و قوژبنی دەورم
ڕەنگی خەزانی خۆمیان گرتووە
سەمای ژیینێکی خەماویی
هەتا هەتایی تەنیاییمە
بە کڕوزە ژیینی ترافیەی دوور لە وڵاتم،

ئۆکتۆبەری 98

---

# لەدایکبوون

لە زریکەوە لێوم بە گۆی
مەمکی ژانەوە بەستەوە
لەوساتەوە لە خۆرنشیندام
دەرگای دڵم بۆ خەمێکی هەتاییی کردەوە،
درەختێکی بە باڵای ئازارم
لە بوونمەوە تالاو بە گەروومدا دادەچۆڕێ
منی لاواز لەوەتەی هەم
ئازار بە بوونم پێدەکەنێ،
حەزەکانم لە خەزاندا ئەخنکێن
هیواکانم بە دەستی سوڵتانی ڕق
بە شیشی خەما ئەکرێن،

06.04.98

---

# زۆرن ئەوانەی بەشێتم ئەزانن

گوێت لە نەی دڵمە ئەو ساتەی نزیکم لێت
ئەوساتەی سەری کاسم دەکەمە دەفی دەروێشانەی
هەنگاو و ڕێت؟!
هەست بە فڕیینی پەڕەسێلکەی چاوم لە سایەقەی
سامالّی چاوەکانتا ئەکەی؟
ئەوساتەی نیگات نەرمەشنە ئاسا
بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی تەرەبوونی خۆم
لە چاوانی پڕ داستانم ئەکەی؟
زۆرن ئەوانەی بە شێتم ئەزانن
بەڵام نازانن کە من ژیین ئەهۆنمەوە
خەمی ژوانێک خامەی چیرۆکمە و
ئاگری حەزت چۆتە دڵمەوە،

06.01.99

---

# یاخیی بوون

بەیانیی بوو
ئەوساتەی لەخەو ڕاچڵەکیی و
بە پەلە خۆی پۆشتە ئەکرد

دوو دوو سێ سێ لە لێواری باخەکەیاندا
گوڵەباخی سوور و سپیی چەپک ئەکرد،
بەیانییەک بوو ئاڵ
وەک لێوی کەلی شارم
وەک شاباڵی کۆترەکەی ئاشتیی و
وەک ئاسمانێکی پڕ سایەقەی ساماڵ،
ئەوسات تەنها مێرمنداڵێ بوو
کە تاجەگوڵینەی خەمی دەستی
بە گەردنی شەقامێکی بەر لەچەند ڕۆژ شەهیدکراودا
ئەویست بکا،
کە گەیشتە دەمی سەرڕێ
هەر لەو شوێنەدا بینی وا بە چەپڵەڕێزان
پەردە لەسەر وێنەیەکی سەددام لائەدرا،
پەیتووکە ئاسا بە پاییزی بارژنیەوە
گەڕایەوە
شەلاڵی فرمێسکێکی مەنگ بوو
ڕێی قووتابخانەی گرتەبەر
تا بەرلەوەی قووتابییەکان وانەی یەکەم بخوێنن
تاجەگوڵینەکەی دەستی لە گوڵدانی سروودەکەی
شاخی ڕەنگاوڕەنگی گۆیژە بکا،
کە گەیشتە دەمی دەرگای پۆل ئەبینێ وا
مامۆستا وانەی یەکەم
"وگن مدی"یان فێردەکا،
منداڵ سەری کورە ژانە
چاوانی جۆگەی خەم و پزیسکی ڕقێکی گەورەیە
وانەی ئەو ڕۆژەی هەر نەخوێند
ڕوویکردە سەیوانستان و گوڵەکانی یەک یەک
لەسەر مەزاری شەهیدێک دانا و
تفەنگەکەی ئەویشی
کردە شانی،

05.01.96

# شەمی شار

بۆ "گەشمردە"ی نەمر ئارام

تەماشاکە:
هەموو دەم ئێوارانێ
لە گۆشەی شەقامەڕێیەکی
ئەم شارەدا
پیاوێکی قەد و باڵا کەڵەگەت
بە هەردوو دەست
دەستی سەوزی خۆر ئەگووشێ و
کراسێکی وەنەوشەییی پڕ حەز و قاقای
پێ ئەدا،
خۆر تووند ئامانەتیی لە ئامێز ئەنێ و
بۆ سبەی کە لێوی ماچی بە کەل گەیی
هێدی هێدی دیاریی دەستی
ئەکات بە بەری شار دا،
شار مەلێکی شەو تەرەی پاییزەیە
هەتا گزنگ بە دەستی
"با" و ڕەهێڵەوە
هەڵ ئەلەرزێ
مەل برسییە تەزیوو
کۆچەرێکی بێ لانەیە،
هەموو دەم ئێوارانێ

له گۆشەی شەقامەڕێیەکی
ئەم شارەدا
پیاوێکی قەد و باڵا کەڵەگەت
بە گوێی "با"دا ئەچرپێنێ
"با" بۆ سبەی بە دەربەندی دوو جار شەهیدی بازیانیدا ئەدا،
"با" دەیکات بە قردێلەی قژی کچانی شار
شار منداڵێکی ئاوارەی
چاو کیمیا کووشتووە
منداڵ کاسەی سەری کورەژانە
خۆر نەدیوە
چرایەک وا بە دەستییەوە
دەڕوات و دەڵێ:
کە چوویتەوە
سڵاومانی پێ بگەیەنە
تۆ پێی بڵێ بۆ ئەمشەوی سەری ساڵە
با بێتەوە
لە مەیدانی ئازادیی سەرا و
لە شەقامی مەولەویی و
تەختەی شانۆی ڕۆشنبیریی سلێمانیی
قەڵای شەهیدان دا
ئەستێرەکەی تەوێڵی "ئارام"
لە گوڵ ئێخەی شار ئەدرێ،
تۆ پێی بڵێ:
شێرکۆی لێیە، سەری بەدەستی هاواریەوە
بژ بژ بووە و
پەنجەکانی بوونەتە پەڕەسێلکەی عەشقی شار و
لە هەڵدانی دەستیدا ئەفڕێ،
هاوار ئەکات پڕ بە هۆڵ و ئەڵێ:
ئەو ڕۆژە دێ ئارامێکی تری شارم بژیی و
تاوان بمرێ،
ئەو ڕۆژەش دێ وشەی سەوزی زاری ئەو
لە گوڵدانی سەر مێزەکەی پەرلەمان بکرێ،

هەموو دەم ئێوارانێ
لە گۆشەی شەقامەڕێیەکی
ئەم شارەدا
پیاوێکی قەد و باڵا کەڵەگەت
ئەڵێ:
چاوم تەنها تنۆکێکی تێدا ماوە
کە هەزاران شەهیدی دەستی
تفەنگی ڕەش بوون
من سواری پشتی ئەسپی چارەنووس بووم
لە ونبووندا خۆم گرتەوە،
کوردستانم کە هەموو ڕۆژ لە خاچ ئەدرا
پەپوولەی فرمێسکم ئەفڕی و
جارێکی تر لەسەر گۆنای زامی
شەقام و کۆڵانەکانی شارم ئەنیشتەوە
ئەو دڵۆپەشم بەوان بەخشی
پەروانە بووم
بە دەوری شەمی کوژراوی
شارەوە ئەتلامەوە،
شار ڕەشپۆشە و
شەڵاڵی خەمێکی سووتاو
لە عەزرەت دوو جارەی شەهیدبوونی "ئارام"دا
سلێمانییم هەڵۆیەکە بازوو شکاو،

September 1996.

---

# مانەوە

جارێکی دی بتبینمەوە
ئەتکەمە mooرووی ملوانکەی شیعرم
لە ملی ئەوییnt ئەکەم
تا سەوزبنەوە خەونەکانم،
تۆ خاکی ئینجانەی شەتڵی تەمەنم بووی
کە هەڵکێشرام
هەر نەمردم بە ڕەنگی زەردی خاکەوە
لاواز ئەبووم .... باریک ئەبووم
من بەبێ تۆ ئەتلامەوە،
ئەوەی کە مرد بەکرمەرگەوەڕی وڵاتی حەز بوو
ئەوەی کەوت و هەستایەوە
دڵی عەشق و باڵای تۆ بوو
ئەوەی نەمرد و
بۆ هەتا هەتاییی هەر مایەوە
ئەو ناوە بوو بۆ یەکەمیین جار لەسەر لەپی دەستم نووسیت
پۆڵای مەم بوو
ئەوەی نەمرد
حەزی تۆ و شیعری من بوو،

November 95

---

# سووتان

ئەی وڵاتی شیعری خەم
ئاخۆ ئێستا لە کوانووی خەمتا چیی ئەسووتێ؟
خەمی نان؟

یاخوود شابالّی کۆترەکەی ئاشتیی‌یە بە زمەی تفەنگەوە
هەلّئەپروسکێ؟
ئەی ولاّتی کوّلّێ خەم
مندالاّنی سەرمابردووی بێ بەرگم
ئاخۆ ئێستا لە قوژبنی پۆلەکانتانا
دوو دوو سێ سێ دەچنە ئامێزی ئاگردانی خەمەوە؟
سەر کز ڕەنگ زەرد ... ڕەنگ زەرد
ژەمەکانی چای تالّ و خەپلەی بە پشکۆوە سووتاو
بۆ یەکتریی ئەگێڕنەوە؟
دوێنێ شەو تۆ لەبرسا خەو بردیتییەوە
تۆش بۆ سبەی پاژنەی پێی دڕاوی جووتێ گۆرەویی پاری خۆت
ئەدوورییەوە،
دەپێم بلّێن: ئەمە ئاگردانی کسپەی دەروونتانە
یاخود نەوتە بە گڕێکی شیین کز ئەسووتێ؟
من ئەزانم ئێستا تەختەی ڕەشی ئەلف و بێشتان
بە گەورەییی وێنەی نانی تیا ئەکێشرێ،
ئەی ولاّتی چاو بە فرمێسکم
دلّم گووشی تنۆکێکی بکەمە سەرلێوی تینووی خەمێکتەوە
تا گەیشتە کەناری لێوت
خەم لەسەرماندا ڕەقبۆوە،
ئەی ولاّتی زامێکی قولّ
دەستم برد بۆ دەمی برینێکت
خوێنی بەمێ
کە خوێنم گەیشت بە زامت
لەبرساندا مرداربۆوە،
ئەی ولاّتی بەدبەختم
لە تەلیسمێکی دڕکاوییدا سەیوانم دی پۆشتە ئەکرا
شایی مەرگ بوو خوێن شاباش و
کوردستانم بووکی شەهید
بۆ سەیوانم بەڕێ ئەکرا،

November 95

# پرسەی پۆست

ئەی ڕووباری خۆشەویستی خەمەکانم
چاوی گێلاسی شیعرم
ڕەنگ شیینکەییی هاوڕێمبە،
ئەوە گوڵەقەیفەی خەمێکم
لە پەرچەم و قژی شەپۆلتی بدە،
بیلاوێنە ئاوپرژێنی ڕەنگی زەردی
نامۆییی بکە،
لەم گۆڕستانی گەڵا و شایی مەرگی دڵی من و
کچ و کوڕی دەستگیرانی دار بیی و چناری باڵابەرزی
ئەم دارستانی خۆشەویستیی‌یەدا
پاییز کۆستە و چاوەڕوانییم پرسەیەتی
"با" شمشاڵ ژەنی پرسەی دارە
خەم قورئان خوێنە و فرمێسک ئاوی سەبووریی‌یە
جارێک بە ڕەنگی خەزانی خۆمدا و
جارێکیش ئەیپرژێنم بەسەر مەرگی بێ تابووتی گەڵادا،
ئەی ڕووباری دۆستی گیانیی خەمەکانم
هاتم بۆ لات تا گوێ لە وشەی دەست و پەنجە تەزیووی
هۆنراوەم بگری
تا تەماشای ڕەنگی بزرکاوی پاییزئاسای
ئیمرۆم بکەی،
گوێم لێبگرە پۆستی خەمێکی خۆڵەمێشییم
لەگەڵ خۆتا بۆ دوور بەرە
دوور

دوور
دوورتر لەوەی کە پەپوولەی حەزم
لە گوڵی لێوی بیناییی بوو
دوورتر لەوەی خۆشەویستییم
لەگەڵ ناشتنی تەرمەکەی باوکما خرایە گۆڕەوە
بۆیە ئێستاش وا ئەزانم خەوێ بوو دیم،

26.10.95

---

# میوان

چاوەڕێتم تەنیا وەرە
ئەگەر هاتی قومریی ئاسا
دڵتم بۆ بکە بە هێلانە
تووچاوانت ئەمجارەیان
وەکوو ڕابوورد مەمتۆرێنە،
ئەمشەو میوانی دوورییمبە
ئاگردانی کڕێوەی ئیمشەو و
هەناسەی بەسۆزی ئەم چەندساڵەی
بێ تۆیییمبە،

---

# دەرگاکەتم لێبکەوە

هێدی هێدی پرچی یادت دادێنم

خەمی پار قاقای دوێنێ و
کسپەی سبەیت
کەشتیی‌یەکی وێڵە ئیمشەو دڵم
ڕێبوارێ بوو
چەپکێ گریانی لێ کرپیت،
تۆ ڕووتم لێ مەشارەوە
حەز بە نیگا و لەنجەی شۆڕەبیی جەستەت ئەکەم
سەری ماندووت نووقمی دەریای کۆشت مەکە
دەرگاکەتم لێ بکەوە
ئیمشەو دڵم منداڵێکە و
حەز بە خەوی کۆشت ئەکەم،
ئێستا یان لە دەریای یادەکانتا مەلەدەکەی
یان چیرۆکی دووساڵەی خەمت
بۆ تەنیاییت ئەگێڕییەوە،
شەرمی دڕانی پەڕەی دڵم لەخۆت ئەکەی
تۆی گەورە کەچی هێشتا ڕاستیی
لەو چرا کزەی ژوورت ئەشارییەوە،
دەزانم ئێستا فرمێسک فریشتەیەکە پرچی ژانت
شانە دەکا
دڵی بەکوڵت لە کۆش ئەنێ
گریان دەکاتە پێکێک و بەهێمنی هەڵی ئەدا،
دەتوو خوا بەرلەوەی ئێشم لە پێکێکا بتخواتەوە
هاتووم باوەش بە ژانی ئیمشەوتا بکەم
دەرگاکەتم لێ بکەوە
نەکا لەم دیوو دەرگای داخراوەوە
بەسوێی ئاوارەیی دڵتەوە بمرم،

Februar.95

---

# حەزی وەریوو

حەزت ئەکرد ئەو دەستەی زوڵفی خاوت شانە دەکا
دەستی سۆزی من بوایە؟
یان ئەو چاوەی نیگای نێرگزی چاوت ئەکا
خۆت وتەنیی دەرسی سیحری من بوایە؟
حەزت ئەکرد ئەو دەستەی لەبەر خۆری تەمەنتا
پارووی حەزێ بۆ لێوت ئەبا
دەستی سەوزی جارانی حەزی شێتم بوایە؟
حەز بە خواردن و خواردنەوەی چی دەکەی
بە زەردەخەنەی ئەم پەنجانە؟
پێتخۆشە گوڵی شیعرێکم لە ئێخەی خەمت بدەی؟
یان حەز دەکەی بۆ دیاریی سەردانەوەم
جاران ئاسا بە بزەوە لێوی ماچێ
بۆ لێوی تینووت بەرم؟

April.95

---

# نیگا

ئەڵێی چۆنی؟
نازانم چۆنت تێبگەیەنم
باوێژەی هەواڵم!

ئەی هەناسەکەی دڵتەنگیی ئێستا و
سەدان شەوی ساواقی ماڵم،
کە تۆم بینی بوونە پەڕەسێلکە نیگاکانم
سەمای فڕیینی نەورەسێ بوو حەزەکانم
لەنجە لەنجە فڕیین بۆ ئەم دەربەندی دڵە و
ئیدی لەوساوە
سەوزبوونەوە خەونەکانم،

06.juni.99

---

# دیدار

ئەو ڕۆژانەی پەناهەندەییمان لە کوختی هەژارێکدا
وەرئەگرت
سەری حەزت بە سنگمەوە دەنا
من باسی سەفەرێکم بەناو شەوێکی درێژی پڕ پێرودا بۆ ئەکردی
تۆش هەنگی ماچت لە شیلەی خەمی جەستەم بەرئەدا،
ئەو ساتانەی هۆنراوەم ئەیویست ئارایشتکا و
سەروقژی لە نەینووکی بیناییتدا شانە بکا
تۆ باسی تنۆکی خونچەت لە گزنگی بەهار و بولبولدا دەکرد
منیش وردە وردە چاوی وەنەوزی بێ هیواییم لێک ئەنا،

20.sep.95

---

# سەفەری مەرگ

پێشکەش بە هاوڕێی جوانەمەرگم
"ڕزگار ئەحمەد ساڵح" ناسراو بە سەلامە ڕەش.

ئەشێ ئەمە چارەنووس بێت؟
بۆچیی هەزاران دەبنە خۆراکی بەندیخانە؟
هەزاران ون و بێ ناونیشان؟
هەزاران خنکاوی ژێر گازی خەردەل و
هەزاران کوژراوی نێو شەڕی کورد بە کورد و
چەندیین ڕەقبۆوەی ڕێی سەفەری ئاوارەیی و
چەندیین کوژراوی ئارەزووەکانی دەستی تفەنگی پاسدار و ژەندرمە؟
چەندیین بە تەنها جێماوی سەفەر و
هەزاران هەزار نامۆ و ئاوارەی وڵاتان
کە جارێک ئەبن بەژێر هەرەسی نامۆیی و
جارێکیش بەژێر خەمی ژیینەوە،
لەگەڵ هەموو پاروویەکی تەنیاییی دا
پیش لە خۆمان و چارەنووسێکی وێڵ ئەخۆینەوە،
ئەمە تەنها سەفەرێک نییە بۆ هەندەران
ئەمە تەنها ڕاکردنێک و خۆ ئاوارەکردنێک نییە
ئەمە بەربەرەکانێی مەرگە لەگەڵ تفەنگی ڕەشی ژەندرمە و
سەرما و باوبۆران و برسێتیی دا،
ئەمە گرتنی ئێخەی تووڕەی دەریایە
ئەمە تەنها سەفەرێک نییە،
من کە کۆڵوانەی خەمی منداڵیی و هەرزەییی خۆم و
بێسانەوەی ژیینی ترافیەم کردوومیەتە ڕەیاخێکی ونبووی نێو باران و
تۆفی ئەم تەمەنەم
بولبولێکم دەناڵێنم بەدەست ئەم ئازارە کێوییەوە،
منی تەنیا لەژێر هەڕەشەی نقووم بوونا
کاتی خەمی تەزیینی نەورەسێکی تەرەی بەر باوبۆرانی نێو ڕەیاخی سەفەرم نییە
جگە لەوەی چاوەکانم سکێچی خەمی ئاوارەیی ڕەنگ ئەکەن و

دڵم ئەینێتە نێو کۆشی بەزەییەوە،
ئاخۆ بڵێی:
لەم دەریای تووشەدا بە کەنار بگەم؟
هەرهیچ نەبێت بۆ خەمی ڕەق نەبوونەوەی نەورەسێ
ئاگر لە ڕۆحم بەردەم،
هەندێ جار هێندە ساردم
پێم ئەڵێن کە خووی بەفرم گرتووە
بەڵام کێ ئەزانێ کە لە ڕۆحما عەشقێ بووە بە ژێر هەرەسی
بەفری جودابییەوە و
تاک و تەنها لە سەرماندا ڕەقبۆتەوە؟
چاوانم ماندووی خەوێکن وەرە کۆشی خەیاڵمەوە
جەستەم لەنێو دەریای تووشا سڕە
ترسم هەیە ببمە خۆراکی ماسیی
یان لە سەرماندا ڕەق ببمەوە،
ئێستا لەنێو دەریای تووشا دڵم هەستی هاوێرێکە
من مەلەی نێو دەریای چیی بکەم
ئەمە گەرووی برسیی مەرگێکە
ئەمە چیرۆکی خەمی مردنێکە
ئەمە بێ چارەیی و بە تەنها جێهێشتنی چارەنووسی خەمێکە،
دەست بە باڵی تەنیاییمەوە بگرن
ئێوارەیە و لە ئاوێنەی زەردەپەڕدا مەرگی خۆم ئەبینم
چاوانم قورسی خەوێکن ئەترسن دەست لە جوڵە بەردەم
وەرە دونیای خەیاڵمەوە
نەگ بەبێ ماڵئاواییت بمرم،
چاوانم هیلاکی خەوێکن
دەست لە ملی خەیاڵم بکە
جەستەم بەسەر ئاوەوە
ئازاری گازی ماسیی بە قاچەکانما دێ
حەز لە دیدەنی مەرگی خۆم ناکەم،

08.jan.oo

# جێهێشتن

دەخیلتم نەکەی بەم وەرزی تەزیین و هەڵوەرینە
مەبە بە سوێ و بە ناخما مەچۆ خوارێ
مەبە هەور و بارانی خەمێ
بە ڕووی زەردما مەبارێنە،
منی سەرمابردووی وڵاتی ژان
دیسان تەزیین وەک شۆڕابە ئەم لەرزێنێ
من سەرتاپام بەستەڵەک بوو
لە بری سەهۆڵبەندانی گیانم
بێشەی دڵت داتەکاندم،

09.Mai.94

# وەرە خەونم

هۆ ترپەی خەمی دڵم
هەناسەکەی نامۆییم و
ئەزییزی گیانم
بەبیرت دێ ئەورۆژ و ساتەی کۆرپەئاسا

لە ئامێزما ئەملاوانی؟
لە دوانیوەڕۆیەکی پاییزی خۆرهەتاودا
لەماڵێکی بە چەپکێ تیشکی حەز ڕەنگکراودا،
بۆیەکەمیین جار شەونمی فرمێسکێکی ئەرخەوانییم
لەسەر گوڵی گۆنات سڕیی؟
من پێشتر تۆم لە گریاندا نەبینی بوو
نەمدەزانی لە گریاندا باڵی پەروانەیەکی ڕەنگیین و
نەی نەوا و ئاوازی هۆنراوەیەکی غەمگینیت
دەنا هەرگیز لەوڕۆژەدا نەدەهاتم
نەدەبوومە بینەری شانۆی خەمت،
ئاوازی خەمێکی دیم بۆ نەدەژەنی و
بۆ سووتانی باڵی گریەت نەدەبوومە شەمت،
لەوڕۆژەوەی سواری ئەسپی سەفەر بووم و
ڕێی ئاوارەییم گرتەبەر
لە ئەلبوومی یادەکانما چەندیین کچم هاتە سەرڕێ و
چەندییم ناسیی و چەندییم بوو
هیچیان بە دڵی ئەم دڵە ئاوارەیەی من نەبوون
هیچیان نەیانتوانی ئەم نەورەسی دڵەم کەویی ماڵی حەزیان بکەن،
هیچیان نەیانتوانی پێنووسم لە خامەی تۆدا بشکێنن
نەیانتوانی خەیاڵم لە یادی تۆ و
لە خۆشەویستییشت بکەن،
خۆشم ئەوێی هێندەی لەنجەی فڕیینی پەروانەیەک لە بۆ شەمێ
هێندەی ماچی نێوان لێوەکانی مێشهەنگێک و
پەڕەی گوڵێ،
وەرە خەونم
لە خەونمدا دیدەنییم بکە
تەنیا وەرە
بمنووسێنە توووند بە خۆتەوە
لە خەونمدا هەرهیچ نەبێت بۆ چرکەیەک دەتبینمەوە،

# سرووت

ئەی ئەزییزم، هەناسەکەی نامۆیییم و
گلێنەکەی چاوانی دوور لە وڵاتم
لە شیینکایی چاوەکانتا ڕۆمانی ئەوینەکەی "حەبیبە و نالیی" ئەبینم،
لە سیماتا ڕەنگی کورژنی زیین و
لە سۆزی نۆتەی قسەکانتا گوێ لە ئاوازی ئەوینەکەی
کاکە مەم ئەگرم،
ئەی ئەزییزم، ترپەی پڕ سۆزی دڵ و
خەونی ئەوییندێکی هەمیشەییی بەختم،
لە شنەی سرووتی باڵاتا
مەلێکی بە چریکە و هاوارە ئێستا دڵم،
لە نیگای دووچاوی نێرگزییتا
نەورەسێکی شیینکەییی کەنار ڕووباری حەزتە خۆ خەیاڵم،
دەسا وەرە تەنیشتمەوە
هەردوو قۆڵت وەک ملوانکە بکە ملم و
سەرت بنێ بەسنگمەوە،
تا گوێم لە دەنگی هەناسەدانیشت بێ
من ئەمەوێ ئیمشەو لەبەر ڕۆشناییی حەزتا
خەوی ئەوییندێکی هەمیشەییی بمباتەوە،

20.Mai.99

---

# لە ماتەمدا

لەمێژە چیرۆکی خەمێکی خۆڵەمێشییە تەمەنم
پەڕە بە پەڕە و دێڕ بە دێڕی
نووسراوی ئاوی ئەشکمن،
لەمێژە نەفرەت بووی ژیینێکی وا بێ فەڕە
لەدایکبوونم
گۆرانیی گریانێکی درێژ و نۆتەکانی
هاوار و سکاڵای ژیینمن،
چ چارەنووسێکی بەد و
چ بەختێکی ڕەشە بوونم؟
بۆچیی ئەبێ هەموودەم
بەشی من سکاڵا و ماتەم و
بەشی ئێوەش زەماوەند بێ؟
کە چاوانتان لە دیدەنی بیناییی کردم
بە کوێربوونم ئاشنا بوون
ئەی ئەدی ئێستا چۆن چۆنیی دڵەی زییز و ماتەمم و
چاوی کوێرم بە دونیای ڕوون
ڕۆشن ئەکەنەوە؟
چۆن بتوانم بتانبەخشم؟
ئێوە لە خۆشیی دونیا
هیچتان لەبۆ من نەهێشتەوە،
بە ئێشە سکاڵای ئازار و بەختم
دڵنیابن هەرگییز ژانتانم لەبیرناچێتەوە
ئێوەی خۆویست لەخۆتان زیاتر
هیچ کات بیرێکتان لە من نەکردۆتەوە،
نەفرەت لە جەژن و لەساڵی نوێ و
نەفرەت لە گشت شت
من ئەمەوێ بچمە ئەودیوو کیشوەری ئێش و ژانەوە،

04.12.99

---

# یادتان دەرزیی ئاژنی خەمم ئەکەن

ئێوارەیە و وا دیسان سەرم لەنێو بێشەی ئەژنۆکانما
ڕادەژەنم
من نووقمی خەمێکی ئەرخەوانییم و
شۆڕابەیە بەژنم
بە نۆتەی نوزە و سکاڵام سەما دەکەم،
دەسا وەرن ئێوە هەموو پێکڕا نیشانم بدەن
ئەو بەرهەمەی کە لە ڕەنجی لێکبوونی ئێمەتان خوارد
بە پلەپەیژەی هەورا سەری خستن و
تاجی گەنجی سلێمانتان لەسەر کرد؟
یان ئەسپی یاڵ سووری کەریم خانتان یاڵدا و
بۆ خانەدانیی کەوا و سەڵتەکەی ئیبراهیم پاشاتان پۆشیی و
لە دیوەخانی سلێمان بەگدا چرای خێڵایەتی میری بابانتان لێ هەڵئەکرد؟
نووقمی دەریای خەمن ئێستانێ چاوانم
ڕۆحم لە جەستەم بێزارە
هیچ کەس هەست ناکات بە کڕووزی حاڵم،

23.07.1999

---

# بیرم ناچێتەوە

بۆ یەکەم جار بەرلەوەی یەکتر بناسین

ئەوساتەی سەرپێیی هەناسەی ساردی نامۆم
لە پەنجەرەی نیگاتا بوو بە پەڵەیەک هەڵم،
هەر ئەوکاتەش وشەکانت بوونە گوڵەقەیفەی حەز و
بە ئەسپایی کردتە نێو گوڵدانی دڵم،
من هەرگیز تۆم لەبیر ناچێتەوە
سکێچی سیمای مەینەتاوییت لە چاوانما
هەموو جار کە دێتەوە دەرکی یادم
دائەنیشێ و ئەم بیرەوەرییەم بۆئەگێڕێتەوە،
04.04.1996

---

# سەماک

چەندیین سەدە بەرلەبوونم
ژانێکی تەتەر
لەسەر لێواری بوون ماخۆلانی بوو
دەهات دەچوو،
وەک ژەژەرێکی نەغمەشیریین سەمای ئەکرد
کە ژان زا و لەڕەحمی زەویی بۆوە
خوێنم پژا
جوانوویەک بووم وەکوو گزنگ حیلەسوور و
وەکوو منداڵ گییان سپیی بووم،
لە سمکۆڵانی ئێشمدا لە تۆز و خۆڵی گلانی بریینمدا
حیلەم دەهات مێرمنداڵ بووم
وەک شۆڕابەی سەرمای پاییز
هەڵدەلەرزیم
تەزیوێ بووم هەڵئەتروشکام،
کە حیلەو بازم گەیشتەچیا، بریینم سوور ئەچۆوە
بە ڕووی خۆر دا گینگڵم ئەدا

کەس نەبوو کەس ناوکی بڕاوی
بوونم تیمار بکاتەوە،
لەم سەرزەویی ئازارەدا بەدیار هەڵهاتنی خۆرەوە
ماخۆلانم بوو
لەوساتەوە چرایەکم لەم تیاچاڤەی تەمەنەدا
بەدوای نەخشەی دڕاو و ونبووما ئەگەڕێم،
مێژووم ئەڵێ:
زۆر لەمێژە زامی بەسوێی ئەم سەربەستیی‌یە
وا بەئەژنۆی سەردێڕمەوە
ساڵ بە ساڵ ڕووخسارم سوور و
ناوەڕۆکم بە خەزانتر دەکات،
ئەوا ئیمڕۆش لە سەماکی باڵای شەهیدانمەوە
ڕەشەبایەکم و بە گڤەوە هەڵئەکەم
لە پانتاییی و درێژییی ڕووباری خوێنی شەهیدانەوە
ئەڕوانمە ڕووخساری بەد و
بە پۆستاڵچووی دیمیریل و
بە هەزاران هەزار تورکی بەئۆکی شەقامەکانی نێو ئەستەنبوڵی خمخۆرک
بە خزمەتکاری منداڵێکی کوردی نێو ترافیەی هەندەران و
ترانسۆچیلەریان بە پەنگی میدیاکانی دونیا ئەکەم،
زۆر لەمێژە کوردستانم زامێکی کێویی‌یە و
وا بەشانی پێشمەرگەوە
ئازارێکی بەسوێ و گریەیەکی بە ناڵەیە
کەچیی گوێی کەڕی دونیا نایبیستێ
بۆ تەنها جارێکیش بازرگانانی خوێنی دونیا
وەک ڕۆژنامەیەکی کۆنی بەردەمیان نایخوێننەوە،
گوێمان لە دەنگی شەقەی باڵی کۆترەکەی ئاشتیی بۆ ئەکەن و
چاومان لە دیتنی هەڵبەزە و بازی توولەڕێ تڵ بەتڵەکەی
مەمی ئۆچ ئالان و خاتووی ئەم خاکەدیل و
لەخاچدراوەبۆ ئەکەن؟
هەناسەتان لە خنکاندنی قازییدا پێ بڕیین
نینۆکی دەست و پێمانتان
لە گیانکێشانی ئەنوەر و جەعفەر و شەهابدا هەڵکێشاین

به شیشی خەمی مەرگی ئارام برژانتانین
جلەوتان لە سمکۆڵی حیلەسووری قاسملوو گرتوو
بێ هەڵچوونی زریان و بێ ئەسپەشێ و بێ سوارتانکردین،
شەرەفکەندییتان کردە خۆراکی گوللە و
بێ پەڕ و باڵتان کردین
هەر نەمردین،
بریینێکی بە ئازارییین
چەندین ساڵە و چەندین جارە
لە تۆز و خۆڵی گلانماندا گینگڵ ئەدەین
کەچیی هێشتا
جلەوی ئەسپی شۆڕش بەرنادەین و
لەنێو ئەستەنبوڵی تاواندا وەکوو مۆم
خۆمان بۆ سەمای سەربەستیی هەڵئەکەین،

01.06.1999

---

# من لە ڕۆحتا ئەژییم

من و تۆ تاوانمان کرد
خۆشەویستییمان بە مەلۆتەکەییی
لە دەرلنگی دەستڕاسەیەکی ڕەشی تۆزاویی پێچا و
بە دەستی خۆمان زینەبەچاڵیشمانکرد،
من و تۆ ساڵانێ بەرلەئێستا
غەدرمان لە خۆمان و لە خۆشەویستییشکرد،
ڕۆژانێ بوو هەنگی ماچم
شیلەی گوڵی لێوتی ئەگرت و
لە کوورەی دڵەی ئاشقما شانەی ئەکرد
تۆش هەنگوینی حەزێکی بێ کۆتات
لە گلێنەی چاوەکانما ئەخوارد،
بیرمانچۆوە شەوانێ بوو

له کوانووی حەزێکی بێ کۆتادا
هەردوو بە جووت بۆ یەک ئەسووتاین،
سەرت ئەنا بە سنگمەوە و هێمن هێمن خولیای ئەشقێکی خەیاڵیی
لە گوڵدانی ئەوینەکەی کاکە مەم و زینی ئەکردین،
بیرمانچۆوە ئەو شەوانە
 لە نیگاماندا کاڵبوونەوە
ئەو ڕۆژانە،
ئێمە هەردووکمان غەدرمان لە خۆمان و لە خۆشەویستییشکرد:
لەوڕۆژەوەی لێت دوورم
وێڵە دییەم لە دووی سکێچی ڕووخسارت و
لەوڕۆژەوە چاوانم نەدیدە و
کانییەکی وشک و بێ ئاوە هەناوم،
پرسیار بکە لە ژووری پڕ نامە و نوقڵ و شیعری منی دڵت
پرسیار بکە لە ئەوین
ئاخۆ کێ بێ فەرهادی وێڵی دییەت و
پەڕەسێلکەی ئەو دڵەت لە من زیاتر؟
لە من زیاتر کێ نوێژی بۆ باڵات کردووە و
کێ دەرگای حەزێکی ئەرخەوانییی بۆ ئەوینت کردۆتەوە؟
کێ وەکوو من هەتا ئێستا لە ڕۆحتا ژییاوە و
سەدان شەوی دەیجوری تێدا ڕۆژکردۆتەوە؟
پرسیار بکە لە دڵت
کێ نامۆ و وێڵی دییەتە و
کێ شەوان ئێشکی ئەوینی بۆ ئەگرتیی؟
کێ شاری بە ئاوابوون سپارد و ڕێی ترافیەی گرتەبەر؟
کەچیی ئەوەتا هەتا ئێستاش هەر لە ڕۆحتا ئەژیی!!

03.07.1999

---

# بوور

سەرت بنێ بەسنگمەوە
هەردوو قۆڵت وەک ملوانکە بکە گەردنم،
بە نیگای چاوەکانت بمدوێنە و
بمنووسێنە ئەوسا توونده بەخۆتەوە،
هێندەم خۆشدەوێی
لەنێوەندی تۆ و خەیاڵمدا سنوور نەماوە
لەنێوەندی تۆ و نیگامدا
دەربڕینی هیچ وتەیەکی دیکەی تر نەماوە،
وەک پەڕەسێلکەی ئەم دڵەمیت
تۆ جێگەی خۆت لە ڕۆحما کردۆتەوە،
وەرە با لە بێشەی ئامێزتا
کۆرپەئاسا خۆم بنوێنم
تا ئەچمە ئەودیوو کیشوەری دونیای حەزتەوە
ئەوسا من ئەتگووشم توونده بەخۆمەوە،
بە دەمارما بچۆ خوارێ قوڵ زۆر قوڵ
من ئەمەوێت لە بری هیمۆگلۆبین
بچیتە خانە و خوێنمەوە،

25.06.1999

---

# پێڕوو

بۆ فرێدیی

هێمن هێمن لەم دەربەندی گوڵ و
چریکەی نەورەسی دڵەمەوە
حەزەکانم گۆرانیی بۆ کوڕژنی نیگات ئەچڕن
جەستەم سرِی باگژەی نیووەشەوە و ئەم دانیشتنەشمان
مژدەی ئەویینێکی تازەی تری وا بەدەمەوە،
ئەندێشەی ئەویینێ لەم ساتەدا ئەم فڕێنێ تەپوتل
وشەکانم پەیتا پەیتا یەک ئەگرن و ئەبنە هۆنراوەیەکی سەرەڕۆ
حەسرەتی ئەم دڵە و ئەندێشەی حەزێک و جەستەی سرِی ئێستام
لە پێڕووی ئەم هۆنراوەیە ئەڕوانن و لەم لایشەوە چاوانم بە تەنها تۆ،

دوو دەنکە گێلاسی ئاڵ و دەریایەک لە ئەویینن چاوانت
پەپوولەفڕەی برژانگیشت لە نیگادا
لە دەست و پەنجەی هۆنەرێک ئەچێ و
لەکاتی خوێندنەوەی ئەویینی هۆنراوەیەکدا
پەنجەکانی دەبنە پەرەسێلکە و وشەکانیش بە گوڵوانکە بۆ گەردنت،
خۆزگە هەموو شەوێ پڕ پێروو دەبوو
تا لە نیگای شەمی ڕووخسارتا ئاڕایشت بکا بووکی شیعرم
تا لە دەریای چاوەکانتا مەلە بکەم و ماسییەوشەی تازەی
خۆشەویستیی بگرم،

29.05.1999

---

# سیوا

ئەمەوێت جارێکی دی لە ئامێز بگیرێمەوە
زۆر بەسوێیە ئەم تەنیاییە و تەمەنێکی بێ دڵداریی
هەر خەیاڵە و بۆ بەهەشتی ئەوییەنەکەی بینەم دەباتەوە،
دەسا وەرە... وەرە ... نزییکبە لێم
بۆ کووخەکەی ئیسکانی دڵی هەژار و
توو چاوانت بۆ دونیای حەزێکی شێتی جارانم بەرەوە،
زۆر بەسوێیە ئەم بێ تۆییەم
گەر گوڵنووسی نامەیەکم پێ نابەخشیت
زەنگێ لە دڵەی پڕ حەسرەتم بدە
تا پێت بڵێم ئەلوو ئەی سەمای تەمەنێکی پڕ ئاوات و
لەنجەی سرووتی شیعرم وەرە
ئەی غەمی هەتاییی تەمەنم وەرە بۆلام
گوێ لە بالووزی ڕۆژانە و لە سکاڵای دڵم بگرە،
ئەوسا بمنێ توووند زۆر توووند بەخۆتەوە

تا له دڵ دەربکەم ئەم حەسرەتی دوورییە و
هەنگی ماچم لەسەراپای جەستەت بەردەم
تا ئەم ئاهی شەش ساڵی دوورییەت لە بێشەی ئەوینتا دەربکەم،
من ئەمەوێ جارێکی دی لە ئامێز بگیرێمەوە
وەک و کۆرپە لە نێو گۆی مەمکەکانتا خەوێکی شیرین بمباتەوە،
دەسا بمنێ توond زۆر توond بەخۆتەوە
یان ئەوەتا لە حەسرەتی دیدەنتا ئەمرم
یان ناهێڵم جارێکی تر چدی لێم جیابیتەوە،
دەسا بمنێ توون زۆر توond بەخۆتەوە،

18.06.1999

---

# بزەی سەرڕێ

بە شنەی شەماڵی سەرڕێ سەمادەکەم
ئێوارەیە و زەنگی یادێ لە خەیاڵما زایەڵەی دێ و
پۆستی ژووانێکی کۆن زۆر کۆن
لە سووچێکی سندووقی دڵما خۆییم نیشان ئەدا،
سیمبوولی حەزێکی شێتانە بزەی سەرلێوی کیژێکە لەسەرڕێم
ئەفڕن لەنجە لەنجە لە بۆ نێرگزی چاوەکانی، پەپوولەی نیگام
ئیدی ئەوسا ئەبنە ماسیی نیگاکانم
مەلەی نێو دەریای چاوەکانی ئەکەن و
لە شەپۆلی چاوترووکانێکدا دێنەدەر و ئەبنە دەستێ نیگاکانم
بۆ شانەکردنی قژی خاوی،
ئەبنە مۆسیقا لە بۆ سەمای سرووتی باڵای و
ئەبنە بەستە لە بۆ مەستیی چاوانی،
دیسانەوە دەبنەوە بە پەپوولە و هەڵئەفڕنەوە
بۆ ئەم دوورگەی حەزانە
ئەوسا ئەزانم کە لە ئەویندا ئەژییم
من ئیمپڕاتۆریەتی ئەوینم
من ئەوینم و ئەویش منە،

شەوان تا مەلەی نێو دەریای حەزێ نەکەم
خەو ناچێتە نێوگلێنەی ئەم چاوانە
تا هۆنراوە نەکەمە گوڵوانکە و
لە گەردنی قوڵنگ ئاسای کیژێکی نەکەم
نانیشنەوە پەڕەسێلکەی ئەم خەیاڵانە،
ژن ڕۆحی شیعرمە و ئەوانیش سکێچی خەیاڵم ڕەنگ دەکەن
ئەوان ئەبنە پەنجەی سۆز و دێن بەتەنگ دڵەی زیبزمەوە
ئەوان ئەبنە چێژی ئەم ژیینە و
خەیاڵی دڵ تەنگییم لەبیر ئەبەنەوە،
من ژنم هێندە خۆشدەوێ بۆیە بوومەتە ئیمڕاتۆریەتی ئەویین و
ئەوییش بە من
ئێوارەیە و بە "با"ی فێنکی نیگایەک سەما دەکەم
بەچێژی ماچی لێوی کچی شیعرم
من چریکەی نەورەسێک و
من لەنجەی فڕیینی پەروانەیەکم،

14.06.1999

---

# ئالووزی بینایی

ئەزانن ئاسەواری لانکەیەکی وێرانەیە
ئێستا دڵم
تەنها ڕەنگاڵە تەزیووە نامۆکان نەبێ
بۆچەند ساتێ لەسەر شۆڕابەی وشکهەڵهاتوویا لەنگەر دەگرن
تا لە گێڕانەوەی چیرۆکی تەرەبوونی خۆیان ئەبنەوە
ئەوسا پەیتووکەئاسا بۆ ڕێگای سەفەرێکی دوور باڵدەگرن،
بۆچیی تۆوی زامێکی بێ کۆتاتان کردە نێو شەقاری کێڵگەی دڵمەوە؟
ئەوەتا ئێستاش غەمی سەفەری سەرهەڵگرتووی مەلی دڵم
درەختێکە کەڵەگەت
پژوپۆی سەمای سوێی کتوپڕ فڕیینی شەقەی باڵەکەی بیناییی‌یە

پێنجەمیین ساڵە تیزماڵکی بەژنی و باڕژنی سپیی سرووتی پەنجەکانی
لە دییەم دوورن
هەر وێنەیەکیشی دێتە دونیای ئەفسوونمەوە بەقەمدارن
لە دیدەما زوو ڕۆئەچنەوە،
سا لە کوێی تۆ؟
من چدی تەرزەسەمای ئەم ئالووزە ئۆقرەم نادا
چدی لە چاوەڕوانیی دیدەنتا سوێی ئەم ژیینە بێ فەڕە
مۆمی هیوایەکی دیکەم پێ هەڵ ناکا،

24.11.1998

---

# بێ نەوا

لە بیرتە ئەو ڕۆژانەی چەتری سەرت بووم؟
ئەو ساتانەی من هەنگاو بووم لە کاروانتا؟
تۆ تەزیوو و لەڕ و لاواز
ئەژنۆی لەخاک توند بووی هەڵنەساوەت بەرنەئەدا
لەوڕۆژەدا لەو ڕەوە بە کۆمەڵەدا تەنها من دەستم
لە تۆی هەنگاو مردوو بەرنەئەدا،
لە من زیاتر لە بۆراندا بۆ تۆی تەزیوو
کێ ئاگری لە جەستەی خۆی بەرئەدا؟
ئەمێستاش کە هەنگاوی گەڕانەوەم پێی ئاوارەیی بەردا
دیدەنی تۆ ڕێبەرم بوو
فرمێسک هیوا و چرای دەستم ئەوینت بوو،
ڕوو لە کوێ بکەم؟
بە چ ئاوێ ژانی دڵم بشۆمەوە؟
بەکام زوڵف بە کام پەرچەم
ئەم فرمێسکانەم بسڕمەوە؟

نە دەروێش و نەسۆفییشم
تا سکاڵام بەرمە بەرقاپیی خوا
دڵنییام دەرگا لە منی نامۆ ناکاتەوە
ئەویش وەک تۆ لەخۆبایی بوون
لە خۆیدا ئەدۆزێتەوە،
منی نامۆ پەناهەندەی دونیای خەمم
سەر مەست لە دونیای بێ نەوایاندا هەر جارەی گووزەر
لە هەوارێ بەسەردەبەم
بەڵام سبەی دڵنییام کە ڕێمکەوتە دەرگای ماڵت
لە یادت نییە هاوڕێی کاروانی مەرگ و عەبدی تۆی خوا بووبێت
مرۆڤێکی شێت،

09.01.1994

---

# کاروان

پێشکەش بە گوڵشەن و بینایی

ئێوە هەردوو برسیی و ماندوو
خۆرەتاوێکی بەتیین بوو
کاتێک توولەڕێکان
لە سیمای هەردووکتان
سەرسام دەبوو،
هێدی ... هێدی بە لۆژەلۆژ ڕێگا دەبڕن
ڕێگا سەخت و خۆر و گەرما
ئێوەش هەردوو پرچ ئاڵۆزکاو
سیمای لە برسا زەردبووتان نائومێدیی لە کاروان و
دەرکەوتنی ئاسۆ دەکا،
نیوەڕۆیە هەردوو برسیی
هەردوو ماندوو
دوای ئاژاوە و لێکدابڕان تینوو و ماندوو
هەنگاو ڕقی لە ڕێگا دەبۆوە
ڕوانین ڕێگاکانی سەختتر و دوورتر دەخستەوە
هەنگاو ... هەنگاو دوای دانیشتن و حەوانەوە

خەیاڵی نانی گەرم و سفرەی ڕازاوە
ڕێگای سەخت و هەورازی لەیاد ئەبردنەوە،
جستە ڕەق بوو توانا بچڕاو بوویت بە کۆڵێ بە شانمەوە
کاتێک زانیم هەنگاو ... هەنگاو بە لۆژەلۆژ
لە بناردا لێکبوویتەوە،
ناڵەی لوغمێ دایچڵەکانیت خەوت بچڕا
تەماشاتکرد بزنی سیما شیریین لە قووربانیی تۆ و
ڕێبوارەکانی پێش تۆ دا
جەرگ و دڵی لێک دابڕا،
زەردەپەڕ بوو
تێشووی ڕێگەی سەختی ورمێ و گمۆ
قەراغەنانێک و تۆزێ شەکر دابەشکرا
هیلاک ماندوو هەندێ بۆ من
هەندێ بۆ تۆ،

06.04.1999

---

# سەمای مەرگ

شمشاڵی چلەی غەمم هێشتا لێوی
لەسەر نەی شینی لانەبردووە
سەرلەنوێ بۆ هەتیووم دەکەن؟
بەرگەی زامێکی دی واناگرم
وا گێژەنگی ئەم ژانە سەمای مەرگم پێ دەکات
پرسەیەکی نوێ دەگێڕم
دەلێگەڕێن بۆ هێندە حەز بە سووتانم دەکەن؟
وەک ئەو تاوەتەرزە شێتەی بەهارانە ئێستا دڵم
لەسەر لێواری مەرگ سەما دەکەم
دەرگای ویژدان بکەنەوە تف لەخۆ بکەن،
ئەمە شەوی مەرگ و ژانە
سوێی کرووزە

لەسەر ئەم وەجاغی ژانە ڕاممەگرن
وا ئەبرژێم خەڵکە چیبکەم خەوم نایە
ژان چەقۆیەکی بەئێشە خۆی لە سنگم هەڵئەسوێ
پەلەقاژەی مەرگمە لاڵ بووم
خەڵکە چیبکەم ورتەم نایە،

29.03.1994

---

# ئێوە ژانن

پێشکەش بەو نامە خۆڵەمێشییانەی
کە لە هەندەرانەوە بۆمان ئەهاتن.

زەنگە ... زەنگە ... زەنگە
وا هۆرەی ژانی ئێوە گەیشتە گوێم
وا ئیمرۆکەش زەنگی ئێوە
بوو بە زام و بوو بە سوێم،
زەنگی ئێوە
ژانی قامچیی و نان و خوێنی ئەم عەسرەیە
زەنگی ئێوە
ژانی مەرگ و زامی دەستی
دێڵەگورگی دڕندەیە،
بەم وەرزی تەزیین و هەڵوەرینە ئێوەی ژان
گڵکۆی ئاگردانی کامە شەوی
ساردوسڕی بێ ئاگریی هەواری برسێتیی بوون؟
بەرگی بەری کام منداڵی زەرد و سووری
دەماراویی لووت و گوێ تەزیووی
ڕۆژانی نانی خەپلەی نەبرژاوی
بێ ئاگریی بوون؟

01.03.1994

---

# خەوزڕان

لەم شەوە تاک و تەنیاییيمەدا لە کوێی؟
ئەی گوڵە وەنەوشەییيەکەی ئەم باقییەی تەمەنم
ئەوەتا هەتا ئێستاش کزەی غەمی
ئەم تەمەنە پاییزییيەم
هەموو شەوێ نەورەسی خەیاڵی ئەفرێ و
لە کەنار ڕووباری حەزتا
سکاڵای تەنیاییی خۆی دەکا
تا فرمێسکی تێکەڵ شەپۆلی ئەویینت نەبێ و
دوو سێ هەنسکی قووڵ لە ئامێزتا نەدا
سرەوتی نییە و خەوی ئارام ناچێتە چاوی ئەم دڵە ماندووەم
لەم شەوە غەمناک تەنیاییيمەدا تۆ لەکوێی؟
ئەی نەغمە بەسۆزەکەی ئاشنای خەوم
بگەڕێوە کووخی دڵی چۆڵ و بێ هەتاوم،

13.01.1998

---

پەراوێزەکان:

1. پژوپۆ: لق و پۆی درەخت
2. باویلکە: گیایەکە لە هاوییندا کە گوڵەکەی وشک و سپیی دەبێت و "با" بڵاوی دەکاتەوە.
3. گوڵەپروزە: گەنم کە هەندێکی لێدەگرن و ئەیسووتێنن و ئەیکەن بە قەرەخەرمان.
4. باوێزە: ئەو میوەیەی کە "با" دەیوەرێنێت.
5. بازرەبوون: ئاوارەبوون.
6. پاپووسکە: کرێوەی بەفر.
7. ترافیە: ئاوارە و دەربەدەر.
8. سەماک: ئێجگار بڵند و بەرز.
9. ژەژەر. باڵندەیەکی ڕەنگین و جوانە.

10. شۆڕابە: لقی شۆڕی درەخت هەتا زەویی. وەک "شۆڕەبیی"
11. تیاچاڤ: ئەنگووستەچاو. شەوێکی زۆر تارییک.
12. خمخۆرک: زەویی قووتدەر.
13. بوور: زەوییەک کە یەکجار کێلڕابێت لە ساڵێک دا.
14. پێروو: هێشووە ئەستێرە.
15. ئالووز: غەم حەسرەت.
16. تیزماڵک: بەشێکی بارییک لە هەرشتێک.
17. بەقەم: ڕەنگێک کە زوو کاڵدەبێتەوە.

## کۆتاییی

---